# ژینگەپارێزی
# لە ڕوانگەی ئیسلامەوە

مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی

چاپی دووەم

پایزی ٢٠١٢

ناوی بڵاوکراوە: ژینگەپارێزی لە روانگەی ئیسلامەوە
نووسنی: مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی
ساڵ: ٢٠١٣
نەخشەسازی : جمعه صديق كاكه
چاپ:
نۆرە: دووەم
تیراژ:
تیلو ئیمێل: (٠٧٥٠٤٦٣٢٧١٥)
(Sherkaway83@gmail.com)

(لە بەڕێوەبەراتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە سپاردنی
(٢٥٧٠)ی ساڵی (٢٠١٢)ی پێدراوە)

خوای گەورە دەفەرموێ:

وَأَحۡسِن كَمَآ أَحۡسَنَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَۖ
وَلَا تَبۡغِ ٱلۡفَسَادَ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ
إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُفۡسِدِينَ

القصص:٧٧

پێشکەشە بە:

هەموو ئەوانەی بە هەستێکی
ئایینیو نەتەوەیی لە پێناو
پارێزگاری ژینگە تێ
دەکۆشنو هەمیشە شەیدای
ژینگەیەکی ساغلەمن

# بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

هەمووان دەزانین کە بابەتی ژینگەو ژینگەپارێزی یەکێکە لەو بابەتە هەستیارو گرنگانەی پەیوەستە بە ژیانی هەموو لایەکمانەوە، چونکە ژینگە ژیانەو پێویستە هەموومان بایەخو گرنگی پێ بدەین.
ئەو پێویستیە وەنەبێ تەنها لەرووی وەزیفەیەکی دونیاییەوە سەیر بکرێ، بەڵکو ئەرکێکی ئایینی گرنگە، کە دەبێ مرۆڤ بایەخ بەو لایەنە بداتو، بەردەوام کاریشی لەپێناو ئەنجام بدات.
لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام چەندین دەقی گرنگو پەیوەست بە ژینگەوە هەن، کە ئاماژەی زیندوون لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لەهەمبەر ئەو پرسەو، لەهەمان کات رێنمایی گرنگن بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کەرەستەکانی ژینگەیی لە ژیاندا.
ئێمە وەکو یەکێتی زانایان یەکێ لە ئامانجو هەنگاوەکانمان بایەخدان بووە، بە هۆشیارکردنەوەی خەڵك لەبارەی ژینگەپارێزییەوە، چونکە هەست بەوە دەکەین، کە ژینگەی تەندروست کاریگەری ئیجابی بۆ هەموومان هەیەو، بەپێچەوانەشەوە تێکچوونی ژینگە کاریگەری نەرێنی بۆ هەمووان لێ دەکەوێتەوە.
زانایانی ئایینی بەردەوام لە رێی وتارو ئامۆژگاریەکانیانەوە، هەوڵی ئەوەیان داوە، کە تاك هۆشیار بێت لەمەڕ ئەو پرسە، لەبەر ئەوەی پرسێکی ئایینیو مرۆییو نەتەوەییە.

ئەو نامیلکەیە هەوڵێکی پوختەکراوی پرسی ژینگەیە لە روانگەی ئیسلامەوە، کە بەرێز (مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی) نووسیویەتیو، کۆمەڵێك ئاماژەو ئامۆژگاری بۆ تاك سەبارەت بە ژینگەپارێزی تێدایە.

هیوادرین ببێتە لایەنێکی یارمەتیدەر لە هۆشیاری ژینگەییو، مایەی سوود بۆ هەموو لایەك.

مەکتەبی تەنفیزی
یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی
کوردستان
٢٠١٢/١٢/٢٦



بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

## پێشەکی:

سوپاسو ستایش بۆ خوای گەورە، درودو سەلام لەسەر گیانی پاكو بێگەردی پێشەوای مرۆڤایەتی حەزرەتی محمد (درودی خوای لەسەر بێت)، وە لەسەر یارو یاوەرانو ئۆمەتی ئیسلام تا رۆژی دوایی.

دیارە یەكێ لەو بابەتانەی، كە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بایەخی زۆری پێداوە بابەتی (ژینگە)یە، لە قورئانی پیرۆزیش موشتەقاتی وشەی (البیئە) هاتووە، وێڕای ئەوەی بە شێوەیەكی ناڕاستەخۆ زۆرێك لە دەققە قورئانیەكانو فەرموودەكانی پێغەمبەرمان (درودی خوای لەسەر بێت) ئاماژەی گرنگو زۆریان سەبارەت بە پرسی ژینگە لەخۆ گرتووە، هەر بۆیەش پەیامی ئیسلام بۆ ئێمەی مرۆڤ سەبارەت بە ژینگەو ژینگەپارێزی داخوازیەكی هەمیشەییو بەردەوامی ژیانە، چونكە بوونی ژینگەیەكی تەندروست هێمایە بۆ ژیانێكی لەبارو ئاسایی، بە پێچەوانەشەوە نالەباریو ناسەقامگیریو مەینەتی سەر هەڵدەدات.

ساڵانە بە مەبەستی بەرز ڕاگرتنی رۆژی ژینگە (یوم البیئە) چەندین ئاهەنگو چالاكی جۆراوجۆر بەڕێوە دەچنو زۆربەی وڵاتانیش بەتایبەتی خۆرئاوا شانازی بەو رۆژەوە دەكەن، سەرەڕای ئەوەی ژینگەی زۆرێك لە وڵاتان لە قەیرانو كێشەی گەورە دایەو، هەر ئەوەشە وای كردووە، كە پرسی ژینگەو چۆنیەتی پارێزگاری

لێکردنی ببێتە بابەتێکی جیهانیو قسەو باسو نووسینی زۆری لەبارەوە بکرێ.

لە کوردستانیش کەمو زۆر قسە لەسەر ئەو پرسە دەکرێ، وە لێ پێم وایە هێشتا ماویەتی هۆشیاریەکی لەئاست پێویست سەبارەت بەشێوازەکانی هەڵسوکەوت بەرامبەر ژینگە دروست ببێ، لەبەر ئەوەی زۆر جار دەرك بەوە دەکرێ، کە گیانی هەست کردن بە بەرپرسیارێتی لە ئاستی پێویست نیەو، خەڵك بەچاوی پارێزگاریو پاراستن سەیری ژینگە ناکات، ئەمەش خاڵێکی ترسناکە لەسەر رەوشی ژینگەییو ئایندەی سروشتو ژیانی ئێمەی مرۆڤ لەسەر زەویەوە.

بۆیە ئەرکە هەموومان هەوڵی زیاتر بدەین لەو بوارەوە، بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتی جوانترو باشتر بە ژینگەی کوردستان بکەین، کە ماڵی گەورەی هەمووانەو، هەر یەکەمان لەئاست پێگەی خۆی ئەرکی لەسەر شانە.

گرنگە ئەو بابەتە بایەخی پێ بدرێو خەڵك درکی ئەو راستیە بکات، کە پارێزگاری کردنی ژینگە، لە یەك کاتدا ئەرکێکی ئایینیو نەتەوەییو مرۆییە.

بۆ ئەو مەبەستەو پتری هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەو بارەوە، ئەو نووسینە هەوڵێکی هاریکارو هەنگاوێکی یارمەتیدەرە، کە لە روانگەی ئیسلامەوە، هەڵسەنگاندێك بۆ بابەتی ژینگە دەکاتو، دەیەوێ بەشێکی ئەو ئایەتو فەرموودانە بخاتە روو، کە هانی مرۆڤ دەدەن پارێزگاری لە ژینگە بکاو خۆی لە بەرامبەر ئەو پرسە بە بەرپرسیار بزانێ.

هیوام وایە خوای گەورە ئەو کەمە نووسینە بخاتە تای تەرازووی چاکەکانمو، ئێوەی خوێنەریش لە هەڵەو کەمزانیی و کەموکورِیەکانم ببورن، بێگومان هیچ شتێکیش بێ کەمو کورِی نیەو، تەواوێتی تەنها لایەق بەخوایە...

مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی
٢٠١٢/١١/١٥





# ئیسلامو ژینگە



ئیسلام وەك ئایینێکی درێژە پێدەری پەیامەکانی ئاسمان بە زەوی‌و تەواوکەری ئایینەکانی پێشتر، هەروا وەك مەنهەجو دەستوورو شەریعەتێکی تێرو تەواو و گونجاو بۆ هەموو سەردەمو شوێنێك، شتێکی وای نەهێشتۆتەوە قسەی لەسەر نەکردبێ‌و چوارچێوەی بۆ دانەنابێ.

لەلایەکی ترەوە ئیسلام لەکۆی پەیامو ناواخنیەوە خۆی لە چەند بەشێکی سەرەکی دەبینێتەوە لەوانە (بیروباوەڕ، خواپەرستیەکان، رەوشتو بەها مرۆییەکان _ ئەخلاق) بیرو باوەڕیش بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ بڕوای بەخواو پێغەمبەرو پەرتووکە ئاسمانیەکانو زیندوو بوونەوەو رۆژی دوایی‌و قەزاو قەدەر هێنا، ئەوە ئامادەیی بۆ بەجێهێنانی خواپەرستیەکانی تێدا دروست ببێ، لە نوێژو رۆژوو حەجو زەکات...هتد.

وە یەکێ لە دەرهاوێشتەو ئامانجە سەرەکیەکانی بەندایەتی بۆ خواو ئەنجامدانی خواپەرستیەکان ئەوەیە، کە مرۆڤ بتوانێ رەفتارو رەوشتو هەڵسوکەوتەکانی خۆی باش بکاو، بە شێوەیەکی جوانو ئاساییو رێكو پێکەوە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەری بنوێنێ.

چونکە هەر خودی ئەو شەریعەتە ئامانجیەتی لە پەرێزی پراکتیکیدا، جۆری پەیوەندی تاك بە خودی خۆی، تاك لەگەڵ خوا، تاك بەرامبەر دەوروبەر چاكو باش بکات.

بێگومان ئەوەی دەوری مرۆڤیشی داوە بە مانا گشتیەکەی بریتیە لەو پێکهاتە سروشتیەی پێی دەگوترێ ژینگە.

چونکە ژینگە هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە لە دەوروبەرمان بوونیان هەیەو کاریان تێدەکەینو کارمان تێدەکەن، ئەم کارتێکردنەش دەبێت بەشێوەیەکی هاوسەنگو ئاسایی بێت، ئەگەر بەهۆی هەر هۆکارێك ئەو هاوسەنگییە تێك چوو، ئەوا جۆرە لاسەنگییەك لەنێوان مرۆڤو ژینگە ڕوودەدات، ئەویش بریتییە لە تێکچوونی باری ئاساییو پیس بوونی ژینگە..

ئیسلام لەگەڵ ئەو لاسەنگیو پیسکردنەی ژینگە دانیە، چونکە کاریگەری خراپ دەنێتەوەو مەترسی زۆریشی بەدواوە دێت، ئەمەش لەگەڵ کرۆکی ئەو پەیامە یەك ناگرێتەوە، کە خوای گەورە لە رێی ئیسلامەوە دەیەوێ ژیانو ژیارو کیانو کۆمەڵگەو مرۆڤوماڵەکان ئاسوودەو بەختەوەر بنو لەسەر بنەمای پاكو دوور لە کاری تێکدەرانە هەنگاو بنێ.

ئایینی پیرۆزی ئیسلام سەرەڕای تێکڕای ئەو ئامانجانەی لە پێناوی هاتووە، دوو ئامانجی هەرە سەرەکیو ئاشکرای ئەوەیە، کە فەرمان بە چاکە دەکا، بە شێوەیەك هەرچیەك لە بەرژەوەندی

مرۆڤ و ژیان بێت پێی باشەو داواش دەکات کە مرۆڤەکان هەمیشە خەمخۆری هەنگاوی چاکەو چاکەکاری بن، هەروەها قەدەغەی هەموو شتێکی خراپو نابەجێی کردووە، بۆ ئەوەی مرۆڤ نەبێتە ئامرازی شەڕو تێکدانو نانەوەی ئاشووبو شڵەژانی ژینگەییەوە.

یەکێ لەو شتانەی کە فەرمانی پارێزگاری لێ کردنی داوە ژینگەیە، ئەو پارێزگاریەش وەنەبێ تەنها رەچاوی لایەنێکی کردبێ، بەڵکو لە پێناو بەرژەوەندی تاکو کۆمەڵگە بایەخی بەو بابەتە داوە.







# قورئانو ژینگە



ئەگەر هەر یەك لە ئێمە سەرنج بدات لە زۆرێك لە ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز، دەبینین خوای گەورە ئەو سروشتەی لە خزمەتی ئادەمیزاد خولقاندووە، زۆربەی زۆری شتەكانیشی دەستەبەری بەر دەستی مرۆڤ كردووە بەتایبەت ئەو ئایەتانەی كە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوْمٖ يَتَفَكَّرُونَ﴾[1]، واتە: هەرچی لە ئاسمانەكانو زەویدا هەیە بۆ ئێوەی رام هێناوە، بۆ خزمەتگوزاری ئێوە فەراهەمی هێناوە، هەموویشی تێكرا بەخششن لەلایەن ئەو زاتەوە، بەڕاستی ئا لەو بەخششو دیاردانەدا بەڵگەو نیشانەی زۆرهەن بۆ كەسانێك

١ الجاثية: ١٣

کە بیربکەنەوەو تێفکرن. یان دەفەرموێ: ( وَٱلۡأَنۡعَٰمَ خَلَقَهَاۖ لَكُمۡ فِيهَا دِفۡءٞ وَمَنَٰفِعُ وَمِنۡهَا تَأۡكُلُونَ )[١]، واتە: ماڵاتی دروستکردووە بۆ خزمەتی ئێوە، (لە خوری و موو پێستیان جۆرەها پۆشاك و رایەڵ دروست دەکەن) کە گەرمیتان پێ دەبەخشێت(لە سەرماو سۆڵەدا)، هەروەها جۆرەها سوودی تری لێ وەردەگرن لە شیرو گۆشتەکەشی دەخۆن.

دەفەرموێ: ( وَٱلۡخَيۡلَ وَٱلۡبِغَالَ وَٱلۡحَمِيرَ لِتَرۡكَبُوهَا وَزِينَةٗۚ وَيَخۡلُقُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ )[٢]، واتە: هەروەها چەندەها جۆری ئەسپ و ماین و هێسترو گوێدرێژی بۆ بەدیهێناون تا بۆ سواری و گواستنەوە بەکاری بهێنن، سەرەڕای دیمەنی قەشەنگیان شتی تریش دروست دەکات کە ئێستە ئێوە نایزانن

یاخود دەفەرموێ: ( هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗۖ لَّكُم مِّنۡهُ شَرَابٞ وَمِنۡهُ شَجَرٞ فِيهِ تُسِيمُونَ ﴿١٠﴾ يُنۢبِتُ لَكُم بِهِ ٱلزَّرۡعَ وَٱلزَّيۡتُونَ وَٱلنَّخِيلَ وَٱلۡأَعۡنَٰبَ وَمِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ )[٣]، واتە: پەروەردگار ئەو زاتەیە کە لە ئاسمانەوە بارانتان بۆ دەبارێنێت کە لێی دەخۆنەوە، هەروەها تێکەڵ بە جۆرەها شەربەت و شلەمەنیش دەیخۆنەوەو دەبێتە هۆی روان و گەشەکردنی درەخت و گژوگیاو ماڵاتی تیادا دەلەوەڕێنن. هەر بەو بارانە خوای گەورە جۆرەها کشتوکاڵ دەهێنێتە بەرهەم بۆتان، هاوڕێ لەگەڵ زەیتون و خورماو جۆرەها تری، لە هەموو جۆرە بەروبوومێکیش، بەڕاستی ئا لەوەدا بەڵگەو نیشانەی تەواو هەیە بۆ کەسانێك کە

---

١ النحل: ٥
٢ النحل: ٨
٣ النحل: ١٠_١١

بیربکەنەوە.

هەروا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا ذَرَأَ لَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُخْتَلِفًا أَلْوَانُهُ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ ﴾[١]، واتە: هەروەها شتی زۆرو جۆراو جۆرو هەمەڕەنگی لە زەویدا بۆ بەدیهێناون، کە بەڕاستی ئا لەوەشدا بەڵگە هەیە بۆ کەسانێك کە یاداوەری وەردەگرن.

یان دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ الَّذِي سَخَّرَ الْبَحْرَ لِتَأْكُلُوا مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُوا مِنْهُ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى الْفُلْكَ مَوَاخِرَ فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾[٢]، واتە: هەر ئەو زاتەیە کە دەریای بۆ بار هێناون تا گۆشتی تەڕو تازەی لێ بخۆن، تا لە ناویدا جۆرەها گەوهەرو مرواری دەربهێننو لە دەستو ملی بکەن، هەروەها کەشتیەکان دەبینیت دەریا لەت دەکەن، تا فەزڵو بەخششی تری پەروەردگار بەدەست بهێنن، بۆ ئەوەی سوپاسگوزاریش بکەن.

ئەم ئاماژە قورئانیە، هێمایەکی گرنگە لە هۆشیار کردنەوەی ئێمە بەرامبەر ژینگە، چونکە هەموو ئەو شتانەی خوای گەورە باسی لێوە کردووەو بۆ ئێمەی فەراهەم هێناوە، ئەو شتانەن کە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەینو لەدەروبەرمانن.

دروست کردنی ئەوەی لە نێوان ئاسمانو زەوی دایە بۆ خزمەتی مرۆڤو، خواردنی بەرهەمەکانی زەویو، بەکارهێنانی کەرەستەو هۆیەکانی گواستنەوەی ئاسمانیو دەریاییو زەمینی، کە ئادەمیزاد پەی پێ بردووەو پەی پێدەبات، بەشێکی گرنگی کۆڵەگەکانی ژینگەیی مرۆیین، چونکە ئادەمیزاد خۆیو زانیاریو زانستەکەیو کەرەستە خاوەکان، هەر هەمووی بەخششی خوای بەدیهێنەری تواناو

١ النحل: ١٣
٢ النحل: ١٤

زانایە.

لەگەڵ باسکردنی ئەو جۆرە شتانە، خوای گەورە هەر لەناو ئەو دەقانەو کۆتای ئایەتەکان دەفەرموێ: (لِّقَوۡمٍ يَتَفَكَّرُونَ .. لِّقَوۡمٍ يَذَّكَّرُونَ .. وَلَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ) ئەوەش ئاماژەیەکی گرنگە، بەوەی بیر لە دەوروبەرمان بکەینەوەو بزانین ئەو هۆو کەرەستانە بۆ خزمەتی ئێمەن، وە یادی ئەو نیعمەتە خواییانە بکەینەوەو لەبەرچاویان بگرین، لەگەڵ ئەوەش ستایشی خوای باڵا دەست بکەین، کە ئەو هەموو خەڵاتەی پێ بەخشیوین.

بێگومان هەموو ئەوانەش بەوە دەبن، کە پارێزگاری راستەقینەی ژینگەی خۆمان بین، چونکە هەر هەنگاوو رەفتارو هەڵسوکەوتێك ببێتە هۆی تێکدانو شێواندنی ئەو راستیە، ئەو کاتە دەکرێ بڵێین: ئەوە ئێمەین هۆکاری تێکدانو پیس بوونو شێواندنی ژینگەین، ئەوە ئێمەین بە ئەنجامدانی تاوانو سەرپێچی یاساییو کاری تێکدەرانەو نەپاراستنی سامانە سروشتیەکانو زێدەڕۆییو فرێدانی پاشماوەکانو پیسکردنی دەوروبەری خۆمانو هەست نەکردن بە گیانی بەرپرسیارێتی، مەترسی بۆ سەر ژینگەو ئاوو هەواو خۆراك...هتد. دروست دەکەین.

لەبەر ئەوەشە خوای گەورە تێکچوونی باری ئاسایی ژینگە دەگەڕێنێتەوە بۆ مرۆڤەکانو دەفەرموێ: ( ظَهَرَ ٱلۡفَسَادُ فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ بِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِي ٱلنَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعۡضَ ٱلَّذِي عَمِلُواْ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ )[١]، واتە: تاوانو خراپە دەرکەوتووەو هەموو سەر زەویو دەریاکانیشی گرتۆتەوە، بەهۆی ئەو تاوانو گوناهانەوە کە خەڵکی دەستیان

---

١ الروم: ٤١

داوەتیێ، سەرئەنجام دەبێت تاڵاوی هەندێك لە كردەوەكانیان بچێژن (كە بەرپابوونی كارەساتە سروشتیەكانە) بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ڕێبازی پاكی خواناسی.

ئەو جۆرە فەسادەی خوای گەورە باسی لێوە كردووە، هەموو ئەو تاوانو كارو هەنگاو و ڕەفتارو هەڵسوكەوتێكی ناشیاو دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە لە چەندین دەقی قورئانو سوننەت ئاماژە بۆ ئەوە كراوە، كە ئەركی مرۆڤەكانە پارێزگاری لەو ژینگەیە بكەن، كە تێیدا ژیان بەسەر دەبەنو پێویستە قەدری بزانن، چونكە ئەركی مرۆڤ لەسەر ئەو زەویە ئاوەدان كردنەوەیە، نەك وێران كردنو تێكدانو شێواندنی، هەر وەك خوای گەورە دەفەرمویێ: (هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ وَٱسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا )[1]، واتە: ئەو خوایە بەرپای كردوون لە زەویداو داوای لێكردوون كە ئاوەدانی بكەنەوە.

بەپێی زۆرێك لە دەقەكانیش دەگەینە ئەو ڕاستیە، كە وەك چۆن مرۆڤ پێویستی بە پاكو خاوێنی خۆی هەیە، تا تەندروستی نەكەوێتە مەترسیو تووشی نەخۆشیو شێواوی نەبێت، بەهەمان شێوە داخوازیشی لە مرۆڤ ئەوەیە، كە ژینگەی خۆی پاكو ڕێكو خاوێن ڕابگرێو پارێزگاری لێ بكا، بۆ ئەوەی لە كەشێكی ئاساییو تەندروستەوە ژیان بگوزەرێننو، لە ناهەمواریو كاری تێكدەریو نا ئارامیو پشێویەوە دوور بن.

---

١ هود: ٦١



# ژینگەپارێزی ئەرکە



ژینگە وێڕای ئەوەی لە ڕووی واتاییەوە چەمکێکی فراوانەو زۆر شت هەڵدەگرێ، بەڵام ئەوەی زۆرتر باسی لێوە دەکرێ ژینگەی سرشتیو ژینگەی مرۆڤایەتیە، کە لە بنەڕەتەوە تەواوکەری یەکترنو شیکارو لێکدانەوەی زۆریشیان دەوێ، ئەوەی مەبەستە تێڕوانینی ئیسلامە لەو بارەوە، کە دەخوازێ تاکەکان هۆشیار بنو بە ئەرکی سەر شانیان هەڵبستن، بۆ خزمەت گەیاندنو بەجێ هێنانی بنەما ئەخلاقیە مرۆییەکان لەسەر زەویدا.

شەریعەتی ئیسلام کارکردنو گرتنە ئەستۆی ئەرکی پارێزگاری ژینگەو ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی، بە بەشێك لە ئەخلاقو ئیمانی مرۆڤ دادەنێت، بە پێچەوانەوە هەر ئاکارو هەنگاوێك، یان هەر



کەسێك زیان بە ژینگە بگەیەنێ ئیسلام ڕەتی دەکاتەوەو ئەو جۆرە کەسانەش بە تێکدەر(مفسد) ناو دەبات، بۆیەش ئیسلام بە دوو یاسای سەرەکی تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە ژینگە دیار دەکات کە بریتین:

یەکەم: پارێزگاری کردن لە ژینگە (الحفاظ على البيئة).

دووەم: نەشێواندنو تێك نەدانی ژینگە (عدم إفساد البيئة وتخريبها).

ئەو دوو هێڵە گشتیە یاسای جوانن لەمەڕ بایەخی ئیسلام بە ژینگەو چۆنیەتی پاراستنی، لەو چوارچێوەشدا پارێزگاری کردن لە ژینگە بە ئەرکی هەر تاکێك دادەنێتو، هانی مرۆڤ دەدات بۆ ئەنجامدانی کاری چاکەو ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی ژینگە، لەبەر ئەوەی یەکێك لە ئامانجەکانی جێنشین بوونی مرۆڤ لە سەر زەوی چاودێری کردنی ژینگەو، پەیامی چاکەخوازیو ئاوەدان کردنەوەیەتی.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا هۆشیاری دەداتە مرۆڤ، بەوەی کە فەسادو کاری تێکدەرانەو شێواندنی ژینگە بە هەموو جۆرێ قەدەغەیەو، ناکرێ ژینگەیەك کە خوا بۆ مرۆڤی فەراهەم هێنا بێ، گونجاویش بێ بۆ ژیانو پێکانی ئامانجو جموجوڵو چالاکی مرۆیی، بەرەو وێرانیو تەنگەژە ببرێت, هەروەك دەفەرموێ: (وَلَا تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ بَعۡدَ إِصۡلَٰحِهَاۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ )[١]، واتە: تۆوی فەسادو تاوانباریو گوناه لە زەویدا مەچێنن دوای چاکساز بوونی، ئەوانە چاکترە بۆتان ئەگەر ئێوە باوەڕدارن.

بەو پێیە ناکرێ مرۆڤ ئامادەی خراپەو ئاژاوەو وێرانکردنی ژینگە بێت، چونکە قورئان هەڵوێستی خوامان بەرامبەر بەو کەسانە بۆ ڕوون دەکاتەوەو دەفەرموێ: (وَلَا تَبۡغِ ٱلۡفَسَادَ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُفۡسِدِينَ )[٢]، نەکەیت هەوڵی فەسادو گوناهو تاوان بدەی لە زەویدا، چونکە بەڕاستی خوا ئەو کەسانەی خۆش ناوێت تۆوی خراپە دەچێنن.

بەو پێیە بێت، ئەو کەسەی ژینگە نەپارێزی، ئەوەی رەچاوی بنەما سەرەکیەکانی پارێزگاری ژینگەی نەکا، ئەوەی بەهەر هۆیێ لە هۆیەکان ببێتە هۆکاری دروست بوونی مەترسی ژینگەیی، ئەوەی پاكو خاوێنیو، سروشتی جوانی ئاو و، پاکی هەواو، سیمای دارستانو گژوگیا نەپارێزێ، ئەوە نەك خۆشەویستی خوای گەورە نیە، بەڵکو خوای پەروەردگار لێشی ڕازی نابێتو، سەرەنجام تووشی لێپێچینەوەش دێت.

---

١ الأعراف: ٥٦

٢ القصص: ٧٧





# زیان گەیاندن بە ژینگە دروست نیە

ئەگەر بەشێکی ئایین بریتی بێت لە ئەخلاقو رەوشت بەرزی، ئەوە بە هەموو پێوەرەکان زیان گەیاندن بە خۆمانو دەروبەرو ژینگە، یەکێکە لەو خەسڵەتانەی ناچێتە خانەی ئەخلاقەوە، چونکە ئیسلام چاودێری‌و پاراستنی ژینگەی بەستۆتەوە بە رەوشت بەرزی‌و هۆشیاری سلوکی‌و ئەخلاقیەوە.

یەکێ لە فەرمودە پڕ نورەکانی حەزرەت، کە زانایان بە بنەمای زۆرێك لە یاسا فیقهیەکان هەژماریان کردووە، بریتیە لەوەی کە دەفەرموێ: (لاَ ضَرَرَ وَلاَ ضِرَارَ)[1]، بە پێی ئەو فەرمودەو یاسا شەرعی‌و فیقهیە، هەموو شێوەکانی زیانگەیاندن قەدەغەکراو و حەرامە، واتە نەدروستە زیان لەخۆت بدەی، نە دروستیشە زیان بە دەوروبەرو غەیری خۆت بگەیەنی.

زانایانی ئەخلاقناسی وێڕای ئەوەی بابەتی ژینگەیان بە یەکێ لە نیشانەکانی خوداناسی داناوە، لەهەمان کات بە پێویستیان داناوە کە شوکرانە بژێری خوای لەسەر بکرێ، چونکە بیرکردنەوە لە سروشتو ژینگە مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەو راستیە، کە ئەم بونەوەرە دروستکەرێکی هەیە، کە ئەم ژینگەیەی فەراهەم کردووە.

لەبەر ئەوەشە لە کاتی خۆشی‌و نەخۆشیا، مەسەلەی ژینگە بەستراوەتەوە بەم بنەما شەرعیە، کە زیان لە خۆتو دەروبەرت نەدەیت، لەگەڵ ئەوەش ئیسلام سزای داناوە بۆ سەرپێچی کەرانی ژینگەو تێکدەرانی.

---

١ سنن ابن ماجة: ج٢ ص ٧٨٤

هەروەك زانای بەناوبانگ یوسف قەرەزاوی بابەتی پارێزگاری کردنی ژینگەی بەستۆتەوە بە مەقاسیدی شەریعە، کە ئەوانیش پاراستنیان پێویستو واجبە، وەك دیاریشە مەقاسیدەکانی شەریعەش بریتین لە: ( پاراستنی دینو ژینو وەچەو عەقڵو سەروەتو سامان)، ئەو پێی وایە زیانگەیاندن بە ژینگە زیان گەیاندنە بەو مەقاسیدانەی شەریعەت.



بۆیە دەبێ مرۆڤی موسڵمان لەوە هۆشیار بێو هیچ کات پەنا بۆ رەفتاری ناشیاوو نەگونجاو نەبات بەرامبەر بەو ژینگەیەی کە تێی دەژێت، چونکە رەوشتی مرۆڤی موسڵمان دەبێ لە چوارچێوەی رەحمەت دابێ، نەك بە پێچەوانەوە بکەوێتە نێو زەلکاوی زیانو گوناهو سەرپێچیەوە.

# ئیسلام هانی ژینگەپارێزی دەدات

بە پێی ئەو ئایەتو فەرموودانەی پێشەوە، چەندین دەقی تر، کە هۆشیاریو ئەرکی گەشەپێدانو پاراستنی ژینگە ڕوون دەکەنەوە، هەر بۆ نموونە پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت ) نەهی کردووە لەوەی مرۆڤ ڕێگەو شوێنە گشتیەکان، یان ژێر سێبەری دارێك، یان ئاوی وەستاو، یان کونو شوێنی مێشو مەگەزو گیانەوەرانی ناو زەوی بشێوێنێ یان پیس بکات بەهەر شێوەیێ لە شێوەکان.

لەوەش زیاتر بڕینی دارێکی سوود بەخش بە بێ هۆ بە تاوان دادەنێ‌و، بگرە جەختیش لەسەر ئەوە دەکات، کە پێویستە مرۆڤ هەمیشە ئەم زەوی‌و ژینگەیە بە نەمام چاندن ئاوەدان بکاتەوەو گەشە بە سەوزایی‌و دارستان بدات. وەك لەو فەرموودە هاتووە: (إذا قامت السَّاعة وفي يَد أحَدِكم فَسيلة فإن استَطاع ألاّ تقوم حَتى يغرسَها فليَغرسها ولَه بذلك خَير)[1]، بەو ئەندازە پێداگیری لەسەر پەرەپێدانی ژینگە دەکاتەوە، هەتا ئەگەر لە کاتی نزیك بوونەوەی دوا هەناسەی تێکڕای مرۆڤایەتی بێت.!

هەر لەبەر ئەو گرنگیدانەیە، ئیسلام چوارچێوەی ئەو هەنگاوەی بە دانانی پاداشت فراوانتر دەکات، بۆ ئەو خەڵکانەی کێڵگەیەك بە کشتوکاڵ یان بە نەمام چاندنێك دەگەشێننەوە، هەروەك دەفەرموێ: (ما مِن مُسلمٍ يَغرسُ غَرساً فيَأكُل مِنهُ إنسانٌ أو حيوانٌ أو طائرٌ إلاّ كان لَه بِه أجْر)[2]، ئەو پاداشتە لەسەر ئەو بنچینەوە دێت، چونکە خاوەنی کێڵگەکە لەو حاڵەتە دەبێتە ئامرازێکی خێرو چاودێرێکی ئەو

---

١ سنن ابن ماجة: ج٢ ص١٣٠٢

٢ صحيح البخاري: ج٢ ص٨١٧

ژینگەیەی کە تێی دەژیت.

تەنانەت ئاینی پیرۆزی ئیسلام لە کاتی جەنگ و ڕووبەڕوو بوونەوەی ستەمکارانیش هەمان تێڕوانینی بۆ ئەو مەسەلەیە هەیە، کە لە هیچ یاسایەکی دونیا لە کاتی جەنگدا گوێ بە ژینگە نادرێت، بەڵام ئیسلام ڕێگە نادات لە کاتی شەڕو ناخۆشیش دارو دەون ببڕدرێن، یان باڵەخانەو خانوو بڕوخێندرێن، یان شوێنە گشتیە پیرۆزەکانی خواپەرستی تێك بدرێن، یان تەنانەت منداڵ و ئافرەت و بەساڵاچوان بکرێنە ئامانج، ئەمەش لە وەسیەتەکەی ئیمامی ئەبوبەکر دەرەکەوێ کە لەکاتی جەنگ و ڕووبەڕوو بوونەوەی ستەمکاران بە موسڵمانانی دەفەرموو: (أغزوا بإسم الله، لا تَقتلوا وَليداً، وَلا إمرأةً، وَلا شَيخاً مسناً، وَلا تهدموا بَيتاً وَلا تَقطَعوا شَجرةً )[١]، سەرەڕای ئەوەش ئیسلام وردتر مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە دەکات، کە ئامرازی گێرشێوێنی ژینگەن و بە هەڵسوکەوتێك، یان تاوانێك یان هەر هەنگاوێکی تر، باری دەرونی کۆمەڵگەو ویژدانی مرۆڤایەتی دەخەنە ڕەوشێکی نالەبارەوە.

ئەوەتا لەسەر گرتن و ئازاردانی تەنانەت پشیلەیەك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ئاماژە بە سزای دۆزەخ دەکات بۆ ئەو ئافرەتەی کە خواردن و خواردنەوەی لێ قەدەغە کردبوو، چونکە ئەو جۆرە ڕەفتارە زیان بە ژینگەو ویژدانی کۆمەڵگە دەگەیەنێت، هەر وەك دەفەرموێ: (دَخلَت امرأة النّار في هرة_قطة_ حَبستْها لا هي أَطعَمَتها وَسَقتها وَلا هي تَركَتها تَأكل مِن خشَّاش الأَرض)[٢].

١ مسند أبی بکر: ج١ ص٧٢
٢ صحيح البخاری: ج٣ ص١٢٨٤



بۆیە پێگەی ژینگە لە ڕوانگەی شەریعەتەوە هەستیارو پڕ بایەخەو، ئیسلام هۆشیاریەکی تەواوی لەو بارەوە داوە، بە ئەرکیشی دەزانێ تاکی موسڵمان هەست بەو بەرپرسیارێتیە بکات، کە پاراستنو گەشەپێدانی ژینگەو نەشێواندنی بەشێکە لەو دینداریەی پەیڕەوی دەکات.

وەك چۆن خوای گەورە پێغەمبەری پێشەوای وەك ڕەحمەتێك بۆ جیهان ناردووە، بە هەمان شێوە داوای لە مرۆڤایەتی ئەوەیە، کە بە شێوەیەك رەفتار بکا رەحمەتی لێ بەدی بکرێ، هەوڵیش بدا هەمیشە لاگیری خێرو چاکەخوازیو کائنێکی سوودبەخشیش بێ، هەم بۆ خۆیو هەم بۆ دەوروبەرو هەمیش بۆ ژینگە.





# ڕێنمایی ئیسلامو پاراستنی ژینگە

بە خستنە رووی ئەو چەند زانیاریەی پێشەوە، دەگەینە ئەو راستیە، کە ئیسلام بایەخی تەواوی بە مەسەلەی ژینگە داوەو، رێنمایی زۆرو چڕو پریشی بەیان کردووە، وە هانی مرۆڤ دەدات کە پارێزگاری لە ژینگە بکاتو هەمیشە لاگیری خێرو ئاوەدانی زەوی بێت، نەك خوانەخواستە سەرقاڵی تێکدانو پشێوی نانەوەو کاری خراپو شێواندنی ژینگە، بۆ ئەو مەبەستەش ئیسلام چەندین رێساو رێنمایی داناوە، کە جێبەجێ کردنیان ئەگەری ژینگەیەکی تەندروست دێنێتە کایەوە، بۆیە ئەرکە لە بارەی ژینگەوە هەموومان لەوە هۆشیار بینو، وەك هەست کردن بە بەرپرسیارێتی ئایینیو مرۆییو نیشتمانی بە ئەرکی پارێزگاری کردنی ژینگە هەڵبستین.

جا لێرەوە چەند خاڵێك دەخەینە روو، کە ئیسلام بەهۆیانەوە هانمان دەدات بۆ پارێزگاری کردنو پاراستنی ژینگە لەوانە:

## یەکەم: قەدەغەکردنی کاری خراپ

ئیسلام زۆر بە راشکاوی فەرمانی کاری چاکەی پێ کردووینو، دەیەوێ هەمیشە وەك مرۆڤ رێگەی باشەو کاری چاکەو خێر ئەنجام بدەین، وە لەهەمان کاتیش هۆشیاری کردینەوە، کە خراپەو کاری تێکدەرانەو نابەجێ ئەنجام نەدەینو، فەسادو رەفتاری ناشیاو لەسەر زەوی بڵاو نەکەینەوە، چونکە ئەوەی چاکە بکات، هەم بۆ خۆی هەمیش بۆ دەوروبەرو ئەو ژینگەی تێیدا دەژی، دەبێتە مایەی خێرو سەلامەتی، لە بەرامبەریشدا ئەگەر کاری تێکدەرانەو خراپ ئەنجام

بدات، ئەوە کاریگەری خراپ دەنێتەوەو زیانو مەترسیش بەدوای خۆیەوە دێنێت، لەو بارەوە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَأَحۡسِن كَمَآ أَحۡسَنَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَۖ وَلَا تَبۡغِ ٱلۡفَسَادَ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُفۡسِدِينَ )[١]، واتە: چاکە لەگەڵ بەندەکانی خوادا بکە هەروەك خوا چاکەی هێناوەتە رێت، نەکەیت هەوڵی فەسادو گوناهو تاوان بدەی لە زەویدا، چونکە بەڕاستی خوا ئەو کەسانەی خۆش ناوێت تۆوی خراپە دەچێنن.

چاکەی خوا بەسەر ئێمەوە یەکجار زۆرەو لە پێشەوە باسمان کرد، کە هەموو شتەکانی بۆ خزمەتی ئادەمیزاد فەراهەم هێناوە، کەواتە ئەرکی مرۆڤیشە هەڵسوکەوتێکی جوان لەگەڵ ئەو شتانەی دەوروبەری بکات، چونکە هەر هەڵەو تاوانو سەرپێچیەکی شەرعیو یاسایی، زیان دروست دەکاو دواتر بە ئەنجامێکی نەرێنی بۆسەر کۆمەڵگەو ژینگە دەگەڕێتەوە.

## دووەم: بانگەوازی بۆ هاوسەنگیو زێدەڕۆیی نەکردن

ئایینی پیرۆزی ئیسلام بانگەوازی کردووە بۆ هاوسەنگی لە ژیانو خەرجو خواردنو تەنانەت هەموو شتەکانی ژیان، بۆ ئەوەی ئێمەی مرۆڤ بە هۆی ئیسرافو زێدەڕۆیی نەبینە هۆکاری بەهەدەردانی نیعمەتەکانی خواو شێواندنی بەها مرۆییەکانەوە، هەروەك خوای گەورە ئێمەی بە ئۆمەتی هاوسەنگو وەسەت ناوبردووەو دەفەرموێ: ( وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَٰكُمۡ أُمَّةٗ وَسَطٗا لِّتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ )[٢]، واتە: بەو شێوەیەش ئێوەمان بەگەلێکی میانەڕەو گێڕاوە (لە هەموو ڕوویەکەوە،

---

١ القصص: ٧٧
٢ البقرة: ١٤٣

لە ڕووی عیبادەت و خواپەرستیەوە، لە ڕووی دنیاو قیامەتەوە، لە ڕووی داخوازیەکانی رۆح و نەفسەوە..هتد) تا ببنە شایەت بەسەر خەڵکیەوە (تا بزانن ئەم ئاین و بەرنامەیە هەمووی مایەی خێرو سەربەرزیە بۆ تاك و کۆمەڵ لە هەموو سەردەمێکدا و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا).

هەروا دەفەرموێ: ﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ﴾[١]، واتە: بخۆن و بخۆنەوە (لە نازو نیعمەتەکان) بەڵام زیادەڕەوی مەکەن، چونکە بەڕاستی خوا لە سنوور دەرچووان و زیادەڕەوانی خۆش ناوێت.

کەواتە نابێ مرۆڤ لەو چوارچێوە شەرعیەوە دەربچێت، چونکە بەراستی بەشێکی زۆری کێشەی ژینگەو پیس بوونو تێکچوونی کەشی ژینگەیی دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی لەبارەی بەکار هێنانی شتو کەلو پەلو خواردەمەنیو ئاو و کارەباو....هتد.

کەواتە ئەگەر بمانەوێ وردتر پەنجە بخەینە سەر ئەو باسەو ئاماژە بەهەندێ خاڵی گرنگ بکەین، ئەوە دەکرێ بڵێین:

## ١_ زیادە رۆیی نەکردن لە ئاوو:

لە ئیسلامدا ناکرێ زیادە رۆیی لە بەکارهێنانی ئاوو بکرێ، بەداخەوە زۆرێك لە هاوڵاتیان گوێ بەو خاڵە نادەنو ئیسراڤێکی زۆر دەکەن، یان بەلوعەی ئاویان ناگرنەوە، یان زیاد لە پێویست خەرجی دەکەن، یان بە ئەندازەی پێویستی بەکار ناهێنن، ئەمە لە کاتێکدا دابین کردنی ئاوو کارێکی ئاسان نیەو، ڕەنگە نرخی هەر

١ الأعراف: ٣١

لیترێك ئاوو بە زۆر لەسەر حكومەت بوەستێ، لە لایەكی ترەوە ئەركە هاوڵاتیان هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ ئاوو بكەن‌و، خۆیان نەكەنە هۆكاری بەهەدەر دانی ئاوو، لەبەر ئەوەی گەورەترین نیعمەتی ژیان ئاوەو لەسەر بەهەدەردانیشی خوای گەورە لێمان دەپرسێتەوە.

لەلایەكی ترەوە بە پێی فەرموودەی پێغەمبەر( دروودی خوای لەسەر بێت) هۆشداری دەدات بەوەی نابێ مرۆڤ تەنانەت لەسەر دەریـاو، بگرە لەوەش گەورەتر بۆ دەست نوێژیش ئاوو زیاد بەكار بهێنێ‌و ئیسراف بكات، ئەوەتا عەبدوڵڵای كوڕی عومەر دەگێڕێتەوە، كە جارێكیان پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بەلای سەعدەوە كە سەرقاڵی دەستونوێژ شۆردن بوو تێپەڕ دەبێ‌و دەفەرموێ: (ما هذا السَّرَفُ؟ فقال: أَفِي الْوُضُوءِ إِسْرَافٌ؟ قال: نعم وَإِنْ كُنْتَ على نَهَر جَارِ)[1]، واتە: ئەوە چیە ئەو ئیسرافە؟ سەعدیش دەڵێ: بۆ لە دەست نوێژیش ئیسراف هەیە؟ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لە وڵامدا پێی دەڵێ: بەڵێ لە دەست نوێژیش ئاوو زیاد سەرف كەی زیادەرۆیی‌و ئیسرافە با ئەگەر لەسەر رووبارێكی رۆیشتووش بیت.

كەواتە ناكرێ ئێمە سەقافەی بەكارهێنانی ئاومان نەبێ‌و، وەك موسڵمان پابەند نەبین بەو دەققانەی ئیسلامەوە، چونكە برادەرێك گێڕایەوە، كە ئافرەتێك بەرماڵی بە ئاوو دەشۆردو زیاد لە پێویست ئاوەكەی بەهەدەر دەدا، كەچی لەو لاوە كەرتە نانێكی هەڵدەگرتەوەو ماچی دەكرد.

ئەمە دووشتی لێك دوورە، مرۆڤ نەزانێ چۆن ئاوو بەكار بێنێ، كەچی خەم لە پارچە نانێكی كەوتووی كۆڵانان بخواتو ماچی

١ سنن ابن ماجة: ج١ ص١٤٧

بکات.!!

## ٢_ زیادەڕۆیی نەکردن لە کارەبا:

خەڵك دەبێ باش ئەوە بزانێ هەر شتێك خزمەت بە مرۆڤ بگەیەنێ ئەوە نیعمەتی خوایەو دەبێ بەجوانیەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات، کارەبا یەکێکە لەو نیعمەتانەی کە زۆربەی لایەنەکانی ژیانی پێ بەستراوەتەوە، کەواتە دەبێ بە ئەندازەی پێویست بەکاری بێنینو بە هیچ شێوەیەك زیادەڕۆیی تێدا نەکەین، یان لەشتی بێ سوود بەکاری نەهێنین، یان بە نایاسایی خەت رانەکێشین، یان... یان... هتد.

چونکە ئەگەر هاوڵاتی ئەو سامانە نیشتمانیە بە موڵکی خۆی نەزانێو حیساب بۆ خەڵکی ترو دەوروبەری نەکات ئەوە بێگومان گوناهبار دەبێ، لەهەمان کات کاریگەری خراپ دەکاتە سەر ژینگەوە، بۆیە دەبێ لەوەش هۆشیار بینو نەکەوینە داوی زێدەڕۆیی کردنەوە.

## ٣_ زیادەڕۆیی نەکردن لە خواردن:

بابەتی ئیسراف بە پێی ئەو ئایەتەی پێشەوە، زانایان دەفەرموون یاسایەکە گشتیەو، لەسەر هەموو شتەکانی ژیان جێبەجێ دەبێ، لەبەر ئەوە نابێ مرۆڤ زیادەڕۆیی بکات لە خواردنو خواردەمەنیەکان، چونکە جاری وا هەیە لە شوێنە گەشتیاریەکان دەبینین خواردەمەنیەکی یەکجار زۆر فڕێدەدرێت، یان لە کۆڵانو بەر دەرگای ماڵان چەندین نایلۆنی خواردەمەنی کەڵەکە بووە، بە

پێی ئاماژەکانیش ئێستا لە کوردستان ٧٠٪ی پاشماوەکانی فڕێدان خواردەمەنیە، کە ئەمە هێمایە بۆ هەبوونی زیادەڕۆیی کردن لەو بوارەوە، کە ئەمە هەم ئیسراڤەو هەمیش بەهۆی فڕێدانیەوە ژینگە پیس دەبێ.

بۆیە ئەرکە هەمووان چاوێك بەو لایەنەوە بخشێنین، بۆ ئەوەی تووشی گوناهباری نەبینو، لەهەمان کات نەبینە هۆکاری پیسکردنی ژینگەو زۆربوونی پاشماوەی فڕێدراوەوە.

## سێیەم: تێک نەدانی ژینگەو ئاوەدانکردنەوەی زەوی

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز باسی لەوە کردووە، کە مرۆڤ وەك بەڕێزترین دروستکراو بووە بە جێنشین لە سەر زەوی، لەهەمان کاتیش ئاوەدان کردنەوەی زەوی بە مرۆڤ سپێردراوە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ وَٱسۡتَعۡمَرَكُمۡ فِيهَا ﴾[1]، واتە: خوای گەورە بەرپای کردوون لە زەویداو داوای لێکردوون کە ئاوەدانی بکەنەوە. بەو پێیەش ناگونجێ کاری تێکدەرانە ئەنجام بدرێت، چونکە لەگەڵ لۆژیکی ئەو ئاوەدانیە ناگونجێو، راشکاوانەش خوای باڵا دەست پێمان دەفەرموێ: ﴿وَلَا تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ بَعۡدَ إِصۡلَٰحِهَاۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴾[2]، واتە: تۆوی فەسادو تاوانباریو گوناه لە زەویدا مەچێنن دوای چاکساز بوونی، ئەوانە چاکترە بۆتان ئەگەر ئێوە باوەڕدارن!

لەبەر ئەوەی هەر کارێکی تێکدەرانە، کاریگەری سەلبی دروست

---

١ هود: ٦١
٢ الأعراف: ٨٥

دەکاو، سەرەنجام بە زیان بۆ ژینگە دەشکێتەوە، بە پێچەوانەشەوە هەر کارێکی ئاوەدانی لەسەر زەوی بەهەر هۆیەکەوە بێت، ئەوە بە قازانج بۆ ژینگە تەواو دەبێت، کەواتە ئەرکە ئێمەی مرۆڤ بەلای ئاوەدانیو کاری بەرهەمدارەوە برۆینو، خۆشمان بەدوور بگرین لەهەر جولەو هەنگاوێك کە بە زەرەر بۆ ژینگە تەواو ببیّ.

## چوارەم: هاندان بۆ نەمام چاندنو سەوزایی

لە چەندین فەرموودە پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لیّ بیّ) باسی خێرو پاداشتی چاندنی نەمامی کردووە، ئەمەش هاندانێکە بۆ پارێزگاری ژینگەیەکی لەبارو تەندروست بۆ مرۆڤەکان، هەر لەبەر ئەوەشە ئیسلام چوارچێوەی ئەو هەنگاوەی بە دانانی پاداشت فراوانتر دەکات، بۆ ئەو خەڵکانەی کیڵگەیەك بە کشتوکاڵ یان بە نەمام چاندنێك دەگەشێننەوە، هەروەك پێغەمبەر(درودی خوای لیّ بیّ) دەفەرمویّ: (ما مِن مُسلمٍ یَغرسُ غَرساً فیَأکُل مِنهُ إنسانٌ أو حیوانٌ أو طائرٌ إلاّ کان لَه بِه أَجْر)[١]، ئەو پاداشتە لەسەر ئەو کارەوە دێت، چونکە خاوەنی کێڵگەکە لەو حاڵەتە دەبێتە ئامرازێکی خێرو چاودێرێکی ئەو ژینگەیەی کە تێی دەژیت.

لە فەرمودەیەکی تر دەفەرمویّ: (إذا قامت السَّاعة وفی یَد أحدِکم فَسیلة فإن استَطاع ألاّ تقوم حَتی یغرسَها فلیَغرسها ولَه بذلك خَیر)[٢]، واتە: ئەگەر خەریك بوو قیامەت دابیّو نەمامێکت لەدەست بوو، ئەوە بیچینە ئەگەر زانیت کاتی ئەوەت ماوە بیچینی بەوە خێرت

---

١ صحیح البخاری: ج٢ ص٨١٧
٢ سنن ابن ماجة: ج٢ ص١٣٠٢

دەگاتێ. بەو شێوە ئیسلام هانی پەرەپێدانی ژینگە دەدات، هەتا ئەگەر لە کاتی نزیك بوونەوەی دوا هەناسەی تێکڕای مرۆڤایەتیش بێت.!

لێرەشەوە دەگەینە ئەو راستیە، کە بە پێی هەڵوێستی ئیسلام بۆ ژینگە، مرۆڤ نەك تەنها ئەرکیەتی پارێزگاری لە ژینگە بکات، بەڵکو لەوەش زیاتر ئیسلام هانی مرۆڤ دەدات، کە هەوڵی نەمام چاندنو ئاوەدانکردنەوەی زەوی بە دارەو دەوەنو سەوزایی بدات، بۆ ئەوەی ببێتە ئامرازێکی سروشتیو پاککەرەوەی هەوا لەناو ژینگەدا.

## پێنجەم: پاراستنی رێگاوبان

پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێ) لە بارەی رێگاو بانو پاراستنیانو پێداگیری لەسەر مافی رێگا دەفەرموێ: (من یُؤذِی المسلمین فی گرقهم وجبت علیه لعنتهم) واتە: هەرکەسێك موسڵمانان ئازار بدات لە ڕێگاوبان شایستەی ئەوەیە بکەوێتە بەر لەعنەتی هەموو موسڵمانان، لەعنەتیش بێبەش بوونە لە ڕەحمەتی خودا لە دونیاو قیامەت.

هەروا دەفەرموێ: (قال: فإذا أبیتم إلا المجلس فأعطوا الطریق حقها، قالوا: وما حق الطریق؟ قال: غض البصر، وکف الأذی)[1]، واتە: ئەگەر هەر وازناهێنن لەڕێگا دەبێت مافی ڕێگا بدەن، ئەوانیش گوتیان: مافی ڕێگاوبان چین؟ پێغەمبەری خودا فەرمووی: پاراستنی چاو لەحەرامو نەبوونی ئازارو زیان بۆ هیچ کەس.

لە فەرمودەیەکی تر پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێ)

١ صحیح البخاری: ج٢ ص٨٧٠

دەفەرموێت: (بَيْنَمَا رَجُلٌ يَمْشِي بِطَرِيقٍ وَجَدَ غُصْنَ شَوْكٍ على الطَّرِيقِ فَأَخَّرَهُ فَشَكَرَ اللّٰه له فَغَفَرَ له)[١]، واتە: جارێك پیاوێك بەرێگایەك دا دەڕۆیشت چاوی بە لقەدارێكی دڕكاوی كەوت ئەویش فرێیداو لەسەر رێگای خەڵك دووری خستەوە، خوداش لەتۆڵەی ئەو كارەی لێی خۆش بوو سوپاسیشی كرد.

## شەشەم: پاكو خاوێنی نواندن

لەسەر ئەو بنەمایە كە پاكو خاوێنی بەشێكی گرنگو سەرەكی زۆرێك لە خواپەرستیەكانەو، وە لەتێكڕای سەرچاوە فیقهیەكان یەكەم دەسپێكی باسەكان بریتیە لە بابەتی پاكو خاوێنی (كتاب الطهارة) كە زۆر بە تێرو تەسەلی باس لە گرنگی پاكو خاوێنیو ئاوی پاكو شێوازی غوسلو دەستونوێژو سەرئاوو... هتد. دەكاتو زۆر بە وردیەوە بایەخی پێ دەدات، چونكە لە ئیسلامدا بۆ نوێژكردن مرۆڤ دەبێ پاك بێ، ئەو شوێنەی نوێژی لێ دەكا دەبێ پاك بێ، ئەو پۆشاكەی لەبەریەتی دەبێ پاك بێ، كە ئەمە بۆ خۆی پەیامێكی گرنگە بۆ مرۆڤو ئاماژەیەكە بەوەی دەبێ موسڵمان هەمیشە پاك بێو خۆیشی لەسەر پاكو خاوێنی رابێنێ.

ئەوەش زۆر باوە (النظافة من الايمان)، بۆیە پاكو خاوێنیو پیس نەكردنی رێگاو شوێنە گشتیەكان داوایەكی شەرعیەو، پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێ) نەهی كردووە لەوەی مرۆڤ ڕێگەو شوێنە گشتیەكان، یان ژێر سێبەری دارێك، یان ئاوی وەستاو، یان كونو شوێنی مێشو مەگەزو گیانەوەرانی ناو زەوی بشێوێنێ یان پیس

١ صحيح البخاري: ج١ ص٢٣٣

بکات بەهەر شێوەیێ لە شێوەکان، هەروەك دەفەرموێ: (اتقوا الملاعن الثلاث البراز فی الماء، وفی الظل وفی طریق الناس)[١].

## حەوتەم: رەچاوکردنی ژینگەپارێزی لەکاتی جەنگ

نەك تەنها لە کاتە خۆشەکان بەڵکو پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێ) لەکاتی جەنگ‌و جیهادیش فەرمانی بە یاوەرانی دەکرد، کە خۆیان بەدوور بگرن لەو شتانەی ژینگەی مرۆیی دەشێوێنن، کە لە هیچ یاسایەکی دونیا لە کاتی جەنگدا گوێ بە ژینگە نادرێت، بەڵام ئیسلام رێگە نادات لە کاتی شەڕو ناخۆشیش دارو دەون ببڕدرێن، یان باڵەخانەو خانوو بڕوخێندرێن، یان شوێنە گشتیە پیرۆزەکانی خواپەرستی تێك بدرێن، یان تەنانەت مناڵ‌و ئافرەت‌و بەساڵاچوان بکرێنە ئامانج، ئەمەش لە وەسیەتەکەی ئیمامی ئەبوبەکر دەرەکەوێ کە لەکاتی جەنگ‌و ڕووبەڕوو بوونەوەی ستەمکاران بە موسڵمانانی دەفەرمو: (أغزوا بإسم اللّه، لا تَقتلوا وَليداً، وَلا إمرأَةً، وَلا شَيخاً مسناً، وَلا تهدِموا بَيتاً وَلا تقطَعوا شَجرةً)[٢]. واتە: بەناوی خوا دەست بە جیهاد بکەن‌و مناڵ‌و ئافرەت‌و پیرەمێرد مەکوژن‌و خانووەکانیش مەروخێنن‌و داریش مەبڕن‌و لەناویان مەبەن.

لەووە بۆمان دەرەکەوێ، مادام لە کاتی نەخۆشی‌و شەڕ ئیسلام ژینگەی لە یاد نەکردووە، ئەوە بە ئەولاتر لە کاتی خۆشی‌و ئاسایی دەیەوێ ژینگە پارێزراو بێت‌و، سیمای جوان‌و پڕ نیعمەتی نەشێوێندرێت.

---

١ سنن أبی داود: ج١ ص٧
٢ مسند أبی بكر: ج١ ص٧٢

## هەشتەم: پارێزگاریکردنی ئاژەڵان

هەر مرۆڤێکی موسڵمان دەبێ هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەرو دارو بەردو تەیرو تاشو ئاژەڵ بکات، چونکە ئەوانەی ئامرازی گێرشێوێنی ژینگەنو بە هەڵسوکەوتێك یان تاوانێك یان هەر هەنگاوێکی تر، باری دەرونی کۆمەڵگەو ویژدانی مرۆڤایەتی دەخەنە رەوشێکی نالەبارەوە، سزای توندیان بۆ دیارکراوە، ئەوەتا لەسەر گرتنو ئازاردانی تەنانەت پشیلەیەك پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێ ) ئاماژە بە سزای دۆزەخ دەکات بۆ ئەو ئافرەتەی کە خواردنو خواردنەوەی لێ قەدەغە کردبوو، چونکە ئەو جۆرە رەفتارە زیان بە ژینگەو ویژدانی کۆمەڵگە دەگەیەنێت، هەر وەك دەفەرموێ: (دَخلَت امرأة النّار في هِرة_قطة_ حَبستْها لا هي أَطعَمتها وَسَقتها وَلا هي تَرکَتها تَأکل مِن خشَّاش الأَرض)[1]، واتە: ئافرەتێك چووە ناو ئاگری دۆزەخەوە، بەهۆی بەند کردنی پشیلەیەکەوە، کە بەندی کردبوو و خواردنو خواردنەوەی لێ مەنع کردبوو و لە خۆڵی زەوی دەخوارد.

## نۆیەم: بەخشینی زەوی بۆ بەرژەوەندی گشتی

یەکێ لەو کارانەی کە ئیسلام بە سەدەقەی جاریە هەژماری کردووە، بەخشینی موڵكو زەویە بۆ بەرژەوەندی گشتیو دروست کردنی مزگەوتو قوتابخانەو باخچەو رێگەو کانی...هتد. جا لە رێی وەقفەوە بێت، یان لە رێی سەدەقەو خێرو وەسیەتەوە، چونکە ئەو هەنگاوە هۆکارێکی یارمەتی دەرە لە بەرەو پێشەوە بردنی ژینگەو گەیاندنی خزمەتی مرۆییو ئاوەدانکردنەوەی پتری زەوی،

---

١ صحیح البخاری: ج٣ ص١٢٨٤

بۆ ئەوەش ئیسلام لە رێی چالاککردنەوەی زەوی‌و وەقفو پاراستنی شوێنەوارەکان‌و نەبڕینی داروبار، گەورەترین خزمەتی ژینگەیی بۆ جێ هێشتووین‌و دەیەوێ ئێمەی مرۆڤیش پارێزگاری لێ بکەین..

## دەیەم: کاری چاکەو چاکسازی مرۆیی

هەر کارو هەنگاوێکی خێر کە موسڵمان ئەنجامی دەدات لەسەر ئەو زەویە، وێڕای ئەوەی پاداشتی هەیە لە لای خوای گەورە، بەهەمان شێوە چاکەیەکی راستەخۆ یان ناراستەوخۆیە بەرامبەر ژینگە، هەموو کارە باشەکانیش بەستراوەتەوە بە ئیمان‌و دامەزراوەیی رەوشتی بەرزی مرۆڤەوە، ئەوەتا لابردنی شتێك کە مایەی ئەزیەت بێ بۆ موسڵمان لەسەر رێگایەك، ئەوە بە بەشێك لە ئیمان دادەنرێت، هەروەك پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێ) دەفەرموێ: (الْإِيمَانُ بِضْعٌ وَسَبْعُونَ أو بِضْعٌ وَسِتُّونَ شُعْبَةً فَأَفْضَلُهَا قَوْلُ لَا إِلَهَ إِلا اللَّه وَأَدْنَاهَا إِمَاطَةُ الْأَذَى عن الطَّرِيقِ وَالْحَيَاءُ شُعْبَةٌ من الإِيمَان)[١]، واتە: ئیمان حەفتاو ئەوەندە یان شێست‌و ئەوەندە بەشەیە، هەرە بەرزەکەی وشەی (لا إله إلا الله) یە، وە هەرە خوارەوەی ئیمان لادانی شتێکە لەسەر رێگا کە ئازاری هەیە بۆ موسڵمانان.

خوای گەورەش دەفەرموێ: ( هَلۡ جَزَآءُ ٱلۡإِحۡسَٰنِ إِلَّا ٱلۡإِحۡسَٰنُ )[٢]، واتە: مەگەر پاداشتی چاکە تەنها چاکە نیە؟!

هەروەها چاکە لای خوا بزر نابێ‌و لە دوا رۆژیش پاداشتی باش‌و لەجێی لەسەر دەدرێتەوە، وەك دەفەرموێ: ( مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَنُحۡيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةٗ طَيِّبَةٗۖ وَلَنَجۡزِيَنَّهُمۡ أَجۡرَهُم

١ صحيح المسلم: ج١ ص٦٣
٢ الرحمن: ٦٠

بِأَحۡسَنِ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ )[١]، واتە: ئەوەی كارو كردەوەی چاكەی كردبێت، پیاو بێت یان ئافرەت، لەكاتێكدا بڕوادار بێت، سوێند بە خوا بەژیانێكی كامەران و ئاسوودە لە دنیادا دەیژێنین، لە قیامەتیشدا پاداشتیان بەجوانتر دەدەینەوە لەوەی كە ئەوان دەیانكرد.

## یانزە: نەنانەوەی ژاوەژاو و دەنگەدەنگ

پارێزگاری كردنی ئارامیو نەنانەوەی پشێویو دەنگە دەنگو ژاوەژاو، ئامانجێكە لەو ئامانجە هەستیارانەی قورئانی پیرۆز بایەخی پێداوە، كە ئەركی هەر تاكێكە لەوە هۆشیار بێو، نەبێتە هۆی ئیزعاجكردنی خەڵكو جەنجاڵیو شێواندنو تێكدانی باری دەروونیو ویژدانی خەڵكەوە، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرموێ: ( وَٱقۡصِدۡ فِي مَشۡيِكَ وَٱغۡضُضۡ مِن صَوۡتِكَۚ إِنَّ أَنكَرَ ٱلۡأَصۡوَٰتِ لَصَوۡتُ ٱلۡحَمِيرِ )[٢]، واتە: هەوڵ بدە لە ڕۆیشتنتدا مام ناوەندیانە برۆ، بەرەو ئامانجێكی چاك هەنگاو بنێ، بەدەنگی هێواش و لەبار گفتوگۆ بكەو بدوێ، چونكە بەڕاستی بێزارترینو ناخۆشترینی دەنگەكان دەنگی گوێ درێژەكانە.

ئەم پەیامەی قورئان بەڵگەیەكی جوانو بەهێزە، لەسەر پێویستی خۆدوورگرتنی مرۆڤ لە هۆكارەكانی دڵەڕاوكێو هەڵچوونە دەروونیەكانو بەرزنەكردنەوەی دەنگو ژاوەژاو، لەهەمان كات هێمایەكە بۆ ئەو راستیە، كە قورئان تەنها لە لایەنی زانستە گەردوونیو شتە ماددیەكان نەدواوە، بەڵكو پەلی كێشاوە بۆ لێكۆڵینەوەو قسەكردن لەسەر هۆیەكانی ئارامی مرۆڤ و هەموو ئەو هێلانەی خزمەتی

١ النحل: ٩٧
٢ لقمان: ١٩

مرۆیی دەگەیەنن‌و بەختەوەری گیانی‌و دەروونی دروست دەکەن.

لە لایەکی ترەوە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لە بارەی موسڵمانەوە باسی لەوە کردووە، کە دەبێ خەڵك لە زمانیەوە ئەمین‌و دڵنیا بن، هەروەکو دەفەرموێ: (الْمُسْلِمُ من سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ من لِسَانِهِ وَيَدِهِ)[1]، واتە: موسڵمان ئەو کەسەیە کە خەڵکی لە دەست‌و زمانی دڵنیاو سەلامەت بن.

## دوانزە: پاراستنی سەلامەتی‌و تەندروستی

یەکێکی تر لەو دەروازە هەستیارو گرنگانەی، کە ئیسلام دەیەوێ بەهۆیەوە هۆشیاری بداتە مرۆڤەکان لەمەڕ پاراستنی ژینگەوە، جەخت کردنەوەیەتی لەسەر سەلامەتی‌و پاراستنی تەندروستی مرۆڤەکانەوە.

لە نێو پەیامەکانی ئیسلام، هێمای زۆر هەن، تەئکید لەو راستیەی سەرەوە دەکەنەوەو، مرۆڤ لەوە بێدار دەکەنەوە، کە پارێزگاری لە تەندروستی خۆی بکات، بە شێوەیەك هەر لە نزاو پاڕانەوەی سەلامەتی‌و گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست‌و وەرگرتنی چارەسەری لەکاتی نەخۆشی‌و پێویستیدا، هەروەها چەندین ئاماژەش هەن بۆ خۆپاراستنی مرۆڤەکان لە نەخۆش بوون‌و نەگواستنەوەی نەخۆشیەکە بۆ کەسانی دەوروبەرەوەیە، چونکە بەپێی لێکۆڵەرانی ئیسلام، ئەوە کاریگەری دەکاتە سەر ژینگەو باری دەروونی خەڵك لەناو کۆمەڵگەوە..

---

١ صحيح البخاري: ج١ ص١٣

# پوختەی توێژینەوە

پارێزگاری کردنی ژینگە واجبی هەر موسڵمانێکە، لەبەر ئەوەی ئەرکێکی ئایینیو مرۆییو نەتەوەییە، لەهەمان کاتیش هەر یەکەمان بەشێکین لەو ژینگەیە، کەواتە پارێزگاری لێ کردنی بۆ بەرژەوەندی خۆمانەو چەندەش کۆمەڵگە لە رووی ژینگەییەوە بەرەو پێش بڕوا، ئەوەندەو پتریش ژیانی مرۆڤایەتی بە ئامانج دەگات.

لە ئەنجامی ئەو نووسینە گەیشتینە ئەو راستیە، کە ئیسلام بایەخێکی تەواوی بە ژینگە داوە، وە چەندین یاساو بنەماو چوارچێوەی بۆ مرۆڤ دیاری کردووە، کە پێویستە هەر تاکێك لەبەرامبەر ژینگەدا رەچاویان بکات..

مادام ئەو پارێزگاری کردنە داخوازیەکی شەرعیە، کەواتە ئەرکی سەرشانمانە هۆشیارانە مامەڵە بکەینو تەواوی ئەو رێنماییانەش وەربگرین، کە لە قورئانو سوننەت سەبارەت بە ژینگەپارێزیەوە هاتوون، چونکە ئەبێ هەموومان لەوە دڵنیا بین، کە هەر هەنگاوێکی بەخێر باوێین، ئەوە بە قازانجی خۆمان تەواو دەبێ، هەر کارێکی خراپو تێکدەرانەش ئەنجام بدەین ئەوە لەسەرمان حیساب دەکرێ، هەروەك خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆز دەفەرموێ: ( مَّنْ عَمِلَ صَٰلِحًا فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ أَسَآءَ فَعَلَيْهَا ۗ وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ )[1]، واتە: ئەوەی چاکە بکات پاداشتی چاکەکەی بۆ خۆیەتی، ئەوەش کە خراپەو تاوان بکات هەر لەسەر خۆی دەکەوێت، دڵنیابە کە پەروەردگاری تۆ بچوکترین ستەم لە بەندەکانی ناکات.

بۆیە پێویستە بەردەوام رێنمایی رۆڵەکانمان بکەین، بەمەبەستی پارێزگاری لە ژینگەو هۆشیاری ژینگەیی، هەروەکو ئەرکە دراوسێو دۆستو خزمان لەوە هۆشیار بکەینەوە، کە پاراستنی ژینگە ئەرکێکی ئاینیەو پێویستە

١ فصلت: ٤٦

پەیڕەوی لێ بکرێ، هەروەها گرنگە ئەو ئامۆژگاریانە بڵاو بکەینەوە، کە خێری تاکو کۆمەڵگەی لەخۆ گرتووە.

خوای گەورە ئەم گەردوونەی دروست کردووە، هەرچیەکیش لەناویەوە بێ موسەخەری بەر دەستی مرۆڤی کردووە، کەواتە ئەرکە ئێمە لە پێناو بەرز راگرتنی ئەو ژینگەیەو، پێشکەوتنی شارو شارستانیەتو دوور کەوتنەوە لە خاڵە لاوازو زیان بەخشەکان، بەو پەڕی تێکۆشانو هەست کردن بە بەرپرسیارێتیو، وەك ئەرکێکی ئایینیو نیشتمانیو مرۆییو ویژدانی پارێزگاری لە ژینگە بکەین.

هیوادارم ئەو نووسینە لایەنێکی هاوکار بێ لە گەیاندنی هۆشیاری ژینگەیی لە روانگەی ئیسلامەوە بە هاوڵاتیانەوە، وە لەئاست خزمەتکردن بە ژینگە هەست بە ماندوو بوون نەکەینو، لەکارو هەنگاوی تێکدەرانەو زیان بەخشیش خۆمان بەدوور بگرین.

تکاش دەکەم خوای گەورە ئەو کارەم بخاتە لاپەڕەی چاکەکانمو لەهەڵەو کەموکوڕیەکانیشم ببورێ، لە دڵەوەش سوپاسی ئەو خوێنەرە بەڕیزانە دەکەم، کە دوعای خێرم بۆ دەکەنو لە هەڵەکانیشم دەبوورن..

رَبَّنَـا تَقَبَّـلْ مِنَّا إِنَّـكَ أَنْـتَ السَّمِيـعُ الْعَـلِـيمُ
وَآخِرُ دَعْوَانا أَن الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

# ناوەرۆك


پێشەكی: ٧

ئیسلامو ژینگە ١١

قورئانو ژینگە ١٥

ژینگەپارێزی ئەركە ٢١

زیان گەیاندن بە ژینگە دروست نیە ٢٥

ئیسلام هانی ژینگەپارێزی دەدات ٢٧

رێنمایی ئیسلامو پاراستنی ژینگە ٣١

یەكەم: قەدەغەكردنی كاری خراپ ٣١

دووەم: بانگەوازی بۆ هاوسەنگیو زیدەڕۆیی نەكردن ٣٢

١_ زیادە رۆیی نەكردن لە ئاوو: ٣٣

٢_ زیادەرۆیی نەكردن لە كارەبا: ٣٥

٣_ زیادەرۆیی نەكردن لە خواردن: ٣٥

سێیەم: تێك نەدانی ژینگەو ئاوەدانكردنەوەی زەوی ٣٦

چوارەم: هاندان بۆ نەمام چاندنو سەوزایی ٣٧

پێنجەم: پاراستنی رێگاوبان ٣٨

شەشەم: پاكو خاوێنی نواندن ٣٩
حەوتەم: رەچاوكردنی ژینگەپارێزی لەكاتی جەنگ ٤٠
هەشتەم: پارێزگاریكردنی ئاژەڵان ٤١
نۆیەم: بەخشینی زەوی بۆ بەرژەوەندی گشتی ٤١
دەیەم: كاری چاكەو چاكسازی مرۆیی ٤٢
یانزە: نەنانەوەی ژاوەژاو و دەنگەدەنگ ٤٣
دوانزە: پاراستنی سەلامەتیو تەندروستی ٤٤
پوختەی توێژینەوە ٤٥